خوێندنەوە

گۆران رەسووڵ

# پیاسەیەک بەناو شێوازەکانی "زانا خەلیل"دا

ئەگەر هێشتا دەژیم بۆ ئەوەیە زیاتر لە ناو گوماندا مەلە بکەم و لەزەت لە بوون وەرگرم






پیاوێک زەمەنێکە شەو و رۆژی لێکداوە و خەریکی دروستکردنی پەیکەرێکە. پەیکەرێک لە هیچ پەیکەرەکانی پێشووتر نەچووبێ. زۆر جار بە دەم دروستکردنی پەیکەرەکەوە دەیگوت: دەبێ ناوێک لەم پەیکەرە بنێم هەتا ئێستا لە هیچ پەیکەرێک نەنرابێ. دەمەو ئێوارەیەک پیاوەکە پەیکەرەکەی تەواو کرد ، شەو زەنگی بۆ زیوس لێ دا و گوتی چەند ناوێکی یۆنانی کۆنم بە نامەیەکدا بۆ بنێرە. بە ئیمێلێکیش داوای لە ئەپۆلۆ کرد چی لە موزیک فێربووە پێی بڵێ. بەڵام ئافرۆدێت لە فاکسێکدا پێی گوت ناو لە پەیکەرەکەت بنێ "گومان". ئیتر لە ژێرەوەی پەیکەرەکە نووسیی "خوای گومان" چرکەیەکیش لە

پەرستنی خوایەکەی بێ ئاگا نەدەبوو و هەموو پارانەوەکانیشی تەنیا لە یەک دێردا کۆ کردبووەوە : "خوای من لێوانلێوم بکە لە گومان. بۆ ئەوەی چێژ لە بوون وەرگرم ".




گومان ئەو هەسارەیە کە هەموو شتێک تێیدا چەکەرە دەکات . ئەگەر گومان نەبا رەنگە مرۆڤ هێشتا لە ئەشکەوت ژیابا. ئەوە هەر گومانە مرۆڤ وەک داینەمۆیەک دەخاتە گەڕ. ژیان بە گومان واتای ژیان دەدات ئەگەر نا خودی هەر مرۆڤێک گومان لە هزریدا نەبێ رەنگە تووشی غەفلەت ببێ. لەبەرئەوەی هیچ شتێکی رەها لە گەردووندا بوونی نییە و هەموو شتێک ئامادەگی گۆڕانی پێش وەخت و لە ناکاوە هەیە، بۆیە گومان وەک سەرەکیترین بیری بەردەوامی مرۆڤ پێویستە. گومان فەلسەفەی هێنایە کایەوە و رەوتی مرۆڤایەتیی گۆڕی ئەم راستییەش لە گومانەکانی "دیکارت"ی فەیلەسووف دووپات دەبێتەوە.

ئەوە هەر بۆیە ئەگەر شیعرێکیش لە چوارچێوەی گوماندا کارنەکات فۆرمی ئەدەبی هەڵناگرێ. شەمس لەنگەرودی کە شاعیرێکی فارسە دەڵێ: "ئەگەر وەڵامی هەندێ پرسیارم دەست کەوتبا کە هزریان داگیر کردووم رەنگە قەت نەبام بە نووسەر"(١) لێرەدا دەردەکەوێ گومان نەبێت پرسیاریش سەر هەڵنادات، ئیتر مرۆڤ ئەگەر بە پرسیار نەبا لە چاخی بەردینەوە نەدەهاتە چاخی تەکنەلۆجیا. دەکرێ بڵێین ئەوەی لە نێوان گومان و ئەدەبدا بوونی هەیە دوو شتن، گومان وەک پاڵنەرێک بۆ دەقی شیعری، گومان لە ناو خودی دەقی شیعریدا.

«شیعر گەڕانە بەدووی نەزانراودا کە ناکرێت پێی بگەیت»(*) بەو پێیەی شیعر کە دەبێتە تەنیا چەک بۆ بە گژداچوونەوەی ئەو هەموو جەنجاڵییەی بوون، ناکرێت شاعیر کەسێکی گوماناوی نەبێت. لە خوێندنەوەی زۆرێک لە تێکستەکانی "زانا خەلیل"دا هەندێ پەردە دەبینی داخراون و لە پشتیانەوەش دنیایەک لە بیرکردنەوە جمەیان دێت، دەتوانم بڵێم قەڵەمەکەی زانا مارکەی راڕاییە و لە مارکێتی گومان کڕیویەتی ئاخر هەرشتێکی زانا دەینووسێت باوەشێک لە هزر لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ. زانا گومان لە باران، ژن، بیابان، کاتیا، گوڵە، با، هیرا، شیعر و بگرە خۆشی دەکا ئیتر ئەمە دەبێتە بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبی بە مانای وشە.




کتێبی شێوازەکان(**) ئەگەر بڵێین هەرچەند شێوازێکیش نەبێ و هەر یەک شێواز بێت، بەڵام وەک کۆترێک وایە لەم چڵ بۆ ئەو چڵ و لە ئالیارێک بۆ ئەو ئالیارێکی سەربانی ماڵێکی تر بنیشێ و هەستێتەوە، حەز بە فڕین و نیشتنەوە دەکا لە یەک کاتدا، دوودڵە لەوەی هێلانەکەی لەم بالکۆنە یا لەسەر ئەو پەنجەرەیە دروست بکا. زانا ئەگەرچی کەمێک شێوازی تێکستەکانی پێشووی زاڵە کردووە بەسەر کتێبی شێوازەکاندا، بەڵام دەکرێ بڵێین ئەم کتێبە ستایلێک جیاواز لە ئەوانی تر دەردەکەوێ ئەمەش بەو سیفەتەی کە زانا هەمیشە حەز بە لەدایکبوونێکی نوێ دەکا، ئەم لەدایکبوونەش جارێکی تر لە دیالۆگی لاڵێک لە مێسێنجەری پەپوولەکاندا(***) دەرکەوتووە.

ئەو پەنجانەت دەپەرستم
کە چەند رۆژی جارێ
ستیانە رەشەکەتی پێ دەکەیتەوە و
لە رۆژێکیشدا چەند جارێ
ستیانە سپیەکەتی پێ دادەخەی

ئەو پەنجانەم بپەرستە
کە چەند رۆژ جارێ
ستیانە سپیەکەتی دادەخست و
لە رۆژێکیشدا چەند جارێ
ستیانە رەشەکەتی دەکردەوە.

بە پێی ئەزموون هەموو نووسەرێک دەبێتە خاوەنی شێوازێکی تایبەت بە خۆی، هەندێ نووسەر هەر لە سەرەتاوە بڕیاری هەڵبژاردنی ستایلێک دەدەن، وەلێ نووسەری زیرەک ئەوەیە بە پێی نووسین و بەردەوامی ببێتە سەر هێڵی ئەو شێوازەی کە بیرکردنەوەی خۆی




بڕیاری لەسەر دەدات. زانا هەمدیس توانیویەتی تا رادەیەکی باش خۆی لە لانەیەکدا جێگیر بکا. شتێکی تر کە لە هەموو جیهاندا بڵاوە ئەوەیە کە نووسەرێک کاریگەریی نووسەرێک یا چەند نووسەرێکی لەسەر دەبێ، بەو پێیەی زانا ساڵانێک لە ئەڵمانیا دەژی و زمانی ئەڵمانی دەزانێ و شیعرەکانی "ئێریش فرێد"یشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، هەر بۆیە ئەوەی کەمێک فرێد و زانای خوێندبێتەوە زۆر جار یەک شەراب نۆش دەکا.

رەزا بەراهەنی باس لە شەیتانی ناخ دەکا « شەیتانێک کە لەبەر دەرگاکانی دڵدا ئێشکچییە. شەیتانێک کە مێشکی پڕاو دەکاتە چراخان و لە هەر کونێکەوە بەرەو جیهان دەڕوانێ. شەیتانێک کە روح لە نێو خۆیدا دەتوێنێتەوە»(٢)، بەلای بەراهەنییەوە کەسێ ئەو شەیتانەی نەبێ نووسەر نییە. زانا هەندێ جار دۆست و هەندێ جار ناکۆکە لەگەڵ ئەهریمەنەکەی ناخیدا.

زانا بێ لە شیعر چەند نۆڤلێتێکیشی بە زمانە شیعرییەکەی خۆی نووسیوە لەوانە «ئیرەم، ئۆلگا بۆرۆدینۆڤا، لە کەناری رووباری رایندا، لەسەرووی عاشقبوون». ئەوەی کە دەمێنێتەوە هەندێ سەرنجن کە لە خوێندنەوەی «کتێبی شێوازەکان»دا لە دایک بوون:

ئێمە هەردووکمان بۆ ئەوە هاتووین
کە بسڕێینەوە و ماڵمان ئاوا
بەیانی کە لە خەو راچڵەکیم
دیتم ئەوەیان حەقیقەت و حەقیقەتیش نەبوو. ل ٧١

راچڵەکین بە خەبەرهاتنەوەی مرۆڤە لە ناکاو یاخۆ خەوبینینە بە شتێکی ناخۆشەوە و لەپڕ خەبەربوونەوەیەتی. وەلێ هەموو لە خەو هەڵسانێکی بەیانی بەخەبەرهاتنەوەیەکی ئاساییە نەوەکو راچڵەکین.

پیادە بووم....
بەڵام وام هەست دەکرد




کابتنی یاختێکم و
هێمنیی دەریایەکی ئارام دەبرم ل ٧٥

ئەگەر دەریایەک هێمن بوو ئاشکرایە ئارامیشە، چونکە هێمن و ئارام هاوتان و دوو شتی جیا نین. بۆیە نووسینی یەکیان زیادەیە.

دەستم لە کار هەڵگرتبوو... رۆژی پشووم بوو.... ل ٥

ئەگە رۆژێک پشوو بێت، نە کاری تێدایە نە دەستپێکردن و نە دەست هەڵگرتن.

زەمەن تفەنگێکی رەنگاورەنگی و رەنگاڵەیی هەیە
شاعیر ئاگای لێ نییە کە دەیکوژێ.... ل ١٨

"رەنگاورەنگ" و "رەنگاڵەیی" دوو شتی جیانین، نووسینی یەکیان زیادەیە و هیچ گۆڕانکارییەک لە تێکست و ماناش ناکا.

جارێ عەشقم دیت
لەسەر شەقامی بێ رەنگی شەودا
بە دوای ئەدرێسی سپێدە
سەراسیمە و سەوداسەر و سەرگەردان بوو... ل ١٣٢

سەراسیمە و سەوداسەر و سەرگەردان هەرسێکیان یەک مانا دەدەن، نووسینیان بەیەکەوە و لە دوای یەکتری جگە لە درێژدادڕی هیچی تر نییە.

«حەفت، لە وێندەر، گرتییە، دەو، بدێ، رۆناکی، واگا، کەور، قەردارم،....» دەربڕینی ناوچەیین خۆزگە شاعیر خۆی لێ بەدوور دەخستن.

قومێک لە مارلبۆرۆ دەدا و لەبارەی منەوە وا بۆ




دەنگەکانی دی دەدوێ:   ل ١٤٥

"دەنگەکانی" و "دی" هەریەکەیان بە جیا دەنووسرێن، چونکە "دی" بەمانای "تر" دێت. "تر"یش ئەگەر بەمەبەستی بەراوردکردن بێت ئەوسا بە وشەکەوە دەلکێ ئەگەرنا بە جیا دەنووسرێ.

های... ئەی پشیلەی ئەسمەر
ئەی رۆمانسیترین دیکتاتۆری بڕۆنزی
بمبە سەر قەڵای حیرمان و
سەرەوە ژێر هەڵمواسە
تا گیانم دەبێتە رەنگاڵە و
لە کونی لووتمەوە هەڵدەفڕێ
بەس تەنیا جارێ بقاسپێنە و بڵێ :
«خۆشم دەوێی»   ل ١٤٢

لە بابەتێکی تریشدا ئەوەم باس کردووە کە هەموو شتێک دەنگێکی تایبەت بە خۆی هەیە و ناونانی ئەو دەنگەش هەر دەبێ تایبەت بێ بە شتەکە بۆیە "قاسپە" هی کەوە و "میاو"یش هی پشیلە، بمیاوێنە راستترە لە شوێنی بقاسپێنە. "سەرەوە ژێر" هەڵەیە "سەرەوژێر" راستەکەیەتی.

نە با و
نە مۆسیقا و
نە لاڵیش...
کەس لێرە نەمابوو. ل ٣٦

بەڕێزت دەرهێنەری ئەو فلیمە عەنتیکە دوکۆمێنتییە "٣٥" ساڵییەی..؟ ل ١٦٤

سەیرە لە شاعیرێکی وا پڕ و پۆست مۆدێرن لە جیاتی "موزیک" "مۆسیقا" و لە جیاتی "فیلم" "فلیم" ببینی.




دەچم لە ناوە خۆمدا
مردنێ دەمرم
جیا لە مردنی مردووانی شار.    ل ٣٢
خۆزگە لەم چەند دێرە کەمەدا ئەم هەموو مردنە نەبووایە.
ئەگەر هەر هیچ نەبا بەم شێوەیە با:
دەچم لە ناو خۆمدا
مردنێ دەمرم
جیا لە مەرگی مردووانی شار.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە تێکستەکانی کتێبی شێوازەکان لە رووی هزریندا گومانیان لێ دەچۆڕێت. ئیتر وەک چۆن دیکارت ١٥٩٦-١٦٥٠ دامەزرێنەری فەلسەفەی نوێی هۆشیاری دەڵێ «لە دەستپێکدا پێویستە گومان لە هەموو شتێک بکەین» ئیتر شیعریش دەبێتە ئامرازێک کە بۆ گومانکردن لەو جموجۆڵانەی مرۆڤ بە ناوی عەقلانییەتەوە دەیکا بەکاری بهێنین، چونکە هەر شیعر توانای هەڵگرتنی هەموو بیرکردنەوەیەکی هەیە.

پەراوێزەکان:

* ئەدۆنیس

** کتێبی شێوازەکان، شیعر، زانا خەلیل، دەزگای ئاراس ٢٠٠٧

*** دیالۆگی لالێک لە مێسێنجەری پەپوولەکاندا، شیعر، زانا خەلیل، دەزگای بەدرخان ٢٠٠٤

١ پەنجا و سێ سترانی عاشقانە، شەمس لەنگەرودی، و. مەریوان هەڵەبجەیی، دەزگای سەردەم ٢٠٠٧

٢ خولیای نووسین، رەزا بەراهەنی، و. ئەمین گەردیگلانی، دەزگای موکریانی ٢٠٠٨